حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# بەرنامەی خزمەتگوزاری بە ڕاوێژ







قۆناغی دووەم
١٢٠١٢ – ٢٠١٣

# وتار ...



## وتاری بەڕێز وەزیری پلاندانان

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گشتی و کابینەی حەوتەم بەتایبەتی بەرنامەی راوێژکردن بە هاولاتیان لە بواری گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان بە پێشەنگی کارەکانی داناوە , بو ئەم مەبەستەش چەندین هەنگاوی گرنگ نراوە, یەکێک لەم بەرنامانە کە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی دەکات بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانە بەراوێژو هەماهەنگی لەگەل هاولاتیان, دیارە ئێمەی خەلکی کوردستان لەبەردەم گورانکارییەکی گەورەو مێژویی دایین, گورانکاریەکانیش لەخزمەتی نویٚ کردنەوەی سیستەمی بەرێوەبردن و بە پەرەپێدانە بە سیستەمی دیمکراسییە لە کوردستان.

سیستەمی دیمکراسی بەبێ پرس نەکردن بە هاولاتیان و نەبونی راوێژکاری لە نێوان حکومەت و خەلک بە ناتەواوی بە پەک کەوتە دەدرێتەقەلەم, بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژ هەنگاوێکی نوێیە کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ئەزمونی لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان جێبەجێی دەکەین, ئەم بەرنامەیە توانیویەتی هەتا ئاستێکی باش ئامانجەکانی بپێکێت. ئەویش گەیاندنی هەندێک لە خزمەتگوزارییەکان بە شێوەی سیستەمی لامەرکەزی و پرسکردن بە هاولاتیان لە دەست نیشانکردنی پروژەی پێویست لە کومەلگاکانیان و نزیکردنەوەی خەلک و حکومەت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرێگای وەزارەتی پلاندانان هەمیشە لە گفتوگودایە لەگەل رێکخراوە نێودەولەتییەکان و ولاتانی بیانی بو سود وەرگرتن لە ئەزمونوکانیان و بە مودێرنکردنی سیستەمی بەرێوەبردن و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان لە هەموو بوارەکاندا هەر لە چوارچێوەی ئەم هەولانەش توانراوە کە سوود لە ئەزمونەکانی بانکی نێودەولەتی وەربگیرێت بو جێبەجێکردنی بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژ, هەرچەندە ئەم بەرنامەیە ئێستا بە شێوازی ئەزمونی و کاتی لە کوردستان جێبەجێدەکرێت بەلام ئێمە لەهەولی ئەوەداین کە بتوانین ئەم بەرنامەیە ئیدامە پێ بدەین بو ئەوەی زیاتر خزمەتی هاولاتیان بکەین و لەهەمان کاتیشدا رێرەوەی سیستەمی دیمکراسی بەرەوپێش ببیەین.

ناکرێ من دەوری بەرێزان پارێزگارانی هەرسێ پارێزگای هەرێم لە بیربکەم, جێی سوپاس و پێزانینە کە بەرێزان نوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و بەهروز محمد سالح پارێزگاری سلێمانی و تەمەر رەمەزان پارێزگاری دهوک و بەرێزان بەرێوەبەری یەکەی ئیدارییەکانی سودمەند لە بەرنامە کە زور بە پەروشی ئەم بەرنامەیەن، و خەمخوری باشترکردنی گەیاندنی خزمەتگوزاریەکانن، من بەناوی وەزارەتی پلاندانان و بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ سوپاسی ماندی بوون و دلسوزیان دەکەم هیوادارم هەمومان بەیەکەوە بتوانین خزمەتی زیاتری هاولاتیانی کوردستان بکەین و پشتگیری لە سیاسەتی دیمکراسیانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین.




د. علی عوسمان سندی
وەزیری پلاندانان/حکومەتی هەرێمی کوردستان
2013

# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...



## نەخشەی سنووری جوگرافی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەڕاوێژ




پارێزگای هەلێر بەشداری کردووە لە بەرنامەی خزمەتگوزرای بەڕاوێژ لە کۆمەڵگای سۆران، رواندوز، قەزای دەشتی هەولێر، قوشتەپە، وە قەزای مەخمور لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.
پارێزگای سلێمانی لە کومەڵگاکانی بیارە، سەید سادق، رانیە، گوندی گرێزە سودمهند بووە.
پارێزگای دهۆک لە سمیل، بەردەڕەش، گردەسین وە هەریەک لە شێخان و ئەلقۆش وەک ناوچە کوردستانی دەرەوەی هەرێم سودمەند بووە لەم بەرنامەیە.
لە ئیدارەی گەرمیان هەریەک لە کەلار و چەمچەماڵ سودمەند بوون لەم بەرنامەیە.

# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژ چییە ؟

بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژ بەشێوەیەکی ئەزمونی لە هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی پلاندانان بە هاوکاری بانکی نێودەولەتی کەوتوتە بواری جێبەجێکردن, ئەم بەرنامەیە دوو ئاراستەی زور گرنگ لە خودەگرێت. یەکەمیان بەرزکردنەوەی ئاست و توانای هاولاتیان و کارمەندانی حکومەت لە یەکە کارگێریەکان و شارەزاکردنیان بە کارکردن و هەماهەنگی کردن لەنێوان هاولاتیان و حکومەت و پەیرەوکردنی سیستەمی لامەرکەزی لە پروژە خزمەتگوزارییەکان.

ئەمەش بە رێکخستن و کردنەوەی چەندین خولی راهێنان بو نوێنەری کومەلگاکان کە بە ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگاکان (کاگ) ناسراون وە بو چەندین فەرمانبەری یەکە ئیدارییەکانی بەشدار بوو لەم بەرنامەیە لە چەندین شوێن و کاتی جیاواز. دیارە هەر خولێک تایبەت دەبێت بە بابەتێکی گرنگ هەم لە چونیەتی بەرێوەچونی بەرنامە هەم بەشێوەیەکی گشتی کەلکی لێوەردەگیرێت لە بواری کارگێری و هەماهەنگ و پەیوەندیەکان و کارکردنی هاوبەش لە نێوان چەند دەزگایەک و رێکخراوێک.

ئاراستەی دووەمی بەرنامە دابینکردنی بودجەیەکی دیاریکراوە بو جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بەرنامە لەرووی پراکتیکیەوە ئەمەش بە دەست نیشانکردنی پارە بو هەر کومەلگایەک بو دروستکردنی پروژە خزمەتگوزارییەکان, دیارە ئەمەش هەنگاوێکی ئەرێنیە بو ئەوەی ئەزمونەکان و فێربونی هەر سیستەمێک لە رووی پراکتیزەکردنیش تاقی بکرێتەوە و لە هەمان کاتیشدا پروژە خزمەتگوزارییەکان دەتوانن خزمەت بە هاولاتیان بکەن. ئەم دوو ئاراستەیە دەتوانێت چەندین ئامانج لە خو بگرێت کە گرنترینیان ئەمانەن :

+ گرنگیدان بە سیستەمی لامەرکەزی لە پروژە خزمەتگوزارییەکان
+ نزیک کردنەوەی خەلک و حکومەت و کودەنگی لەسەر دروستکردنی هەندێک پروژە لە کومەلگاکان
+ بەکاراکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی توانای هاولاتیان وشیارکردنەوەیان لە سیستەمی حکومرانی
+ بەفیرو نەدانی سەرچاوە مروییەکان و دارییەکان





## بوچی بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژ لە هەرێمی کوردستان ؟

بوچی بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژ لە هەرێمی کوردستان ؟

دیارە ئەم بەرنامەیە لە زور ولاتی پێشکەوتو و تازە پێگەیشتوو کاری پێدەکرێت بو نمونە ئەندونیزیا لە ئاسیا, مغریب لە باکوری ئەفریقیا و هەرێمی کوردستان لە خورهەلاتی ناوەراست و بەرازیل لە ئەمریکای لاتین. پاش ئاڵ و گورو گفتوگوی چروپری نێوان وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بانکی نێودەولەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریاری دا کە خەرجی تێچوی پروژەکان کە لە چوارچێوەی ئەم بەرنامەیە جێبەجێدەکرێن بگرێتە ئەستو.

جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە سیستەمێک نییە بو جێگیرکردنەوەی سیستەمی هەمیشەیی پروژە خزمەتگوزارییەکان لە هەرێمی کوردستان بەلکو دوزینەوەی میکانیزمێکە بو پراکتیزەکردنی سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان و سود وەرگرتن لە ئەزمونی هاولاتیان, دیارە ئەم بەرنامەیە لە ژێر ناوی جیاواز لە چەند شوێنێکی هەرێمی کوردستان لە سالانی رابردوو لەلایەن رێکخراوی ڤوکای ئەمریکی جێبەجێدەکرا بەلام ئەم ساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەزمونی ئەم بەرنامەیەی فراوانترکردوە و گوژمەی خەرجییەکانیشی بەرزکردوتەوە بو چەندین ملیون دولاری ئەمریکی.



# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## پارێزگای هەولێر:

پارێزگای هەولێر پایتەختی سیاسی هەرێمی کوردستانی عیراقەو یەکێکە لە کونترین شاری خورهەلاتی ناوەراست. شاری هەولێر بە شوێنەواری دێرین بەناوبانگە و چەندین ئاین و رەگەزی جیاجیای تێدادەژین. بەناوبانگترین شوێنەوارەکانی ناو شاری هەولێر قەلای کون و منارەیە کە مێژوەکەیان دەگەرێتەوە بو چەندین هەزار سال.

پارێزگای هەولێر سنوری لەگەل ئێران و تورکیا هەیە و هەروەها سنوری لەگەل پارێزگای سلێمانی و پارێزگای کەرکوک و پارێزگای موسڵ و پارێزگای دهوک هەیە , لەدوای سالی ٢٠٠٣ شاری هەولێر بە تایبەتی و سنوری پارێزگای هەولێر بە گشتی گەشەسەندێکی یەکجار بەرچاوی بەخویەوە بینیوە, چەندین کونفرانسی نێودەولەتی و هەرێمی لە هەولێر سازکراون, هەولێر توانی ناوناوی پایتەختی گەشتو کوزاری شارە عەرەبییەکان بو ٢٠١٤ بەدەست بهێنێت . پارێزگای هەولێر بە پێنج کومەلگا بەشداری بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژی کردوە کە پێکهاتوون لە :

بڕوانە لاپەڕەکانی دوایی>>>









# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## قەزای سوران:

قەزای سوران یەکێکە لە نوێترین شارەکانی کوردستان ئەم شارە لە سەرەتای سالانی هەشتاکان وەک ئوردوگایەکی زورەملێ ئاوەدانی تێکەوت پاشان حکومەتی عیراقی بریاری بەقەزابونیدا بەناوی قەزای سەدیق, بەڵام لەدوای راپەرینی سالی ١٩٩١ ئازاد بوونی کوردستان ناوی قەزای سەدیق گوردرا بو قەزای سوران, بەهوی هاو سنوری لەگەل هەریەک لە ئێران و تورکیا بواری بازرگانی و ئال و گوری سەرمایەگوزاری رێژەی دانیشتوانی ئەم شارە بەرێژەیەکی بەرچاو زیادیکردوە و بە بەردەوامیش لە زیادبوندایە.

دیارە قەزای سوران پەناگەیەکی بەهێزی ئاوارەکانە بەتایبەتیش ئاوارە گەراوەکان لە ئێران و تورکیا, دانیشتوانی قەزای سوران توانیەیەتی کەڵک لە بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ وەربگرێت بە هاوکاری دەسەلاتی ناوخویی و هاولاتیان ئێستا پروژەیەک لە مەلبەندی شاری سوران لە بواری جێبەجێکردندایە، ئەویش دروست کردنی باغچەێ ساوایان.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان لە مەلبەندی قەزای سوران | ٧٧٠٠٠ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ١ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ١٩٠ |
| کەرتی پروژە | پەروەردە |











خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## قەزای رەواندوز :

قەزای رەواندوز کونترین شاری پارێزگای هەولێرە, لە کونەوە پایتەختی میرنشینی پاشای گەورە بووە, شارێکی ناوداری کوردستانە و ئێستا بە شوێنێکی گەشتیاری کوردستانی گرنگ ناودەبرێت, هاوینەهەواری بێخال و جندیان و پانکی رەواندوز هەلێکی باشیان رەخساندوە بو هاولاتیان و هەرێم و عیراقیش کە خویان لە گەرمای هاوینان بدزنەوەو هەوایەکی فێنک و پاک لەم شوێنانە هەلمژن. کومەلگای رەواندوز یەکێکە لەم کومەلگایانەی ئەم سال بەشدارە لە بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ؛ وە کۆمەڵگای رواندوز دەنگیان داوەتە پرۆژەی دروست کردنی باغچەی ساوایان.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان لە مەلبەندی قەزای رەواندوز | ١٢٠٠٠ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ١ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٢٨٥ |
| کەرتی پروژە | پەروەردە |









# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## قەزای دەشتی هەولێر :

بنەسلاوە مەلبەندی قەزای دەشتی هەولێرە لە سەرەتاوە وەک ئوردوگایەک لەلایەن رژێمی پێشوی عیراق دروستکراوە لە زور شوێنی جیاجیای کوردستان خەلکی بە زورە ملێی تێدا نیشتەجێکراوە, بەلام لەدوای روخانی رژێمی پێشوی بەغداد, حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر گرنگێکی زوری بە ناوچەکە داوە و بنەسلاوەش کرا بە مەلبەندی قەزای دەشتی هەولێر, رێژەی دانیشتوانی بە بەردەوام لەزیاد بوندایە ئەمەش نزیکی لە سەنتەری پایتەخت لەرووی جوگرافییەوە, ئەمسال ئەم کومەلگایە بەشدارە لە بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ و دەورێکی زور باش و کاریگەریان هەبووە لە بەرنامە سودێکی ئەرێنی لە ئەزمونی ئەندامانی ئەنجومەن و هاولاتیانی کومەلگای بنەسلاوە وەرگرتوە.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان لە مەلبەندی قەزای دەشتی هەولێر | ٤٨٠٤١ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٢ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ١١٣٢٨ |
| کەرتی پروژە | تەندروستی + شارەوانی |
















# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## قەزای مخموور :

قەزای مخموور شارێکی کوردستانییە بەلام لە پروسەی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانیەکان, مخمووریش کەوتە بەر ئەم شالاوە و حکومەتی عیراقی بریاریدا کە مخموور بە پارێزگای موسل بلکێنێ, بەلام لەدوای سالی ٢٠٠٣ حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر ئیدارەی ئەم ناوچەیە دەکات, مخموورو دەورەوبەی بە باشترین شوێن لە عیراق هەژمار دەکرێت بو بەرهەمهێنانی دانەوێلەی گەنم و جو, جگە لەمەش ئەم ناوچەیە بە سامانەکانی سروشتی ژێر زەوی دەوڵەمەندە , پارێزگای هەولێر بەمەستی خزمەتکردنی شاری مخموور بریاریدا کە شاری مخموور بەشداربێت لە بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ, جێی ئاماژەیە هاولاتیان و ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگای مخموور زور بە پەروشەوە هاوکاری بەرنامەکەن بو سەرکەوتنی بەرنامەکە لە ناوچەکەیان؛ کۆمەڵگای مەخمور لەم بەرنامەیە سودمەند بووە بە قیرتاو کردنی رێگای ناوخۆیی.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان لە مەلبەندی قەزای مخموور | ٣٧٠٥٠ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ١ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٣٩٤٢ |
| کەرتی پروژە | شارەوانی |







# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## ناحیەی قوشتەپە :

ناحیەی قوشتەپە کەوتوتە سەر ڕێگای کەرکوک هەولێر و زور نزیکە لە سەنتەری پایتەخت, دیارە قوشتەپەش وەک زوری شارەکانی تری کوردستان لە ئەنجامی ئوردوگای زورە ملێیی سیمای شاری بەخوبینیوە. کۆمەڵگای قوشتەپە سود لە دوو پرۆژە دەبینێ لە بواری تەندروستی بە دابین کردنی کەل وپەل بۆ نەخوشخانەی قوشتەپە وە لە کەرتی پەروەردە بە نۆژەن کردنەوەوەی سێ قونابخانە.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان لە مەلبەندی ناحیەی قوشتەپە | ١٤٠٠٠ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٢ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ١٣٦١٠ |
| کەرتی پروژە | تەندروستی + پەروەردە |















خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## پارێزگای سلێمانی :

مەلبەندی شاری سلێمانی بە پایتەختی روشنبیری هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان هەتا ناسین و ئەم بریارەی حکومەتی هەرێمیش کاریگەرێکی ئەرێنی دەبێت لەسەر پارێزگای سلێمانی و خزمەتکردنی فەرهەنگ و کەلتوری کوردی.

لە بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژ بو ئەم سال پارێزگای سلێمانی بە چوار کومەلگاو ئیدارەی گەرمیانیش بە دوو کومەلگا بەشداری ئەم بەرنامەیان کردوە, بەشداری هاولاتیان لە پروسەی هەلبژاردنەکانی نوێنەرەکانیان و هەلبژاردنی پروژە خزمەتگوزارییەکان کاریگەری زور باش و بەرچاوی هەبووە, هاولاتیان هەولیانداوە کە هەماهەنگییێکی باشیان هەبێت لەگەل دەسەلاتی ناوخویی بو ئەوەی کاریگەریەکانیان رەنگدانەوەیەکی گونجاوی هەبێت بو دانیشتوانی کومەلگاکان. زورینەی پروژە خزمەتگوزاریەکانی هەلبژێردراون بوتە جێی رەزامەندی زورینەی هاولاتیان و ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگاکانیش پشتیوانییەکی باشی هاولاتیان و دەسەلاتی ناوخویان بەدەست هێناوە. ئەم کومەلگایانەی بەشدارن لە بەرنامەی ئەم سال پێکهاتوون لە:






# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## قەزای رانیه :

قەزای رانیه لە رووی جوگرافیاوە شوێنێکی زور دلگرو خوشە بە جوانی شاخەکانی دەورو بەر و دەریچەی دوکان بوتە مەلبەندێکی گەشتیاری بەتایبەتیش لە وەرزی بەهاران. رانیە و دەوروبەری کلیلی ئازادی کوردستانە , لە سالی ١٩٩١ راپەرینی خەلکی کوردستان لەوی دەستی پێکرد هەر بە هویەوەش نازناوی دەروازەی راپەرینی پێبەخشراو, جگە لە گەشتیاری ئەم ناوچەیە زور دەولەمەندە بە بەروبومی کشتوکالی و بەرهەمی ماسی. مەلبەندی شاری رانییە سەنتەری بازرگانی ناوچەکەیە, پانتایی زەویەکان و شاخە جوانەکانی دەروبەری شار سروشتی کوردستانیان جوانترکردوە. لە چوارچێوەی بەرنامە ئەم سال چەندین پروژە لە لایەن خەلک هەلبژێردراون ئێستا لە بواری ئەنجامدان دان. قەزای رانیە لە بەرنامەی گەیاندنی خخزمەتگوزاری بە راوێژ بە دوو پرۆژە سودمهند دەبێت، یەکەمیان دروست کردنی پارکی ناو شار و پرۆژەکانی دیکە دروست کردنی یاریگای شەش یاریزانی بۆدابین کردنی کەل و پەل بۆ قوتابخانەی پێنجی ئازار.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان لە مەلبەندی قەزای رانیە | ١٠٠٠٠٠ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٢ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٨٣٠+٥٢٠٠ |
| کەرتی پروژە | پەروەردە + شارەوانی |











# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## قەزای سەیدسادق:

سەیدسادق یەکێکە لە قەزا گەورەکانی پارێزگای سلێمانی ژمارەی دانیشتوانی بە بەردەوام لە زیادبون دایە. ئەم شارە و تەواوی ناوچەکە خاپورکراو بوو وە پروسەی ئەنفال لە ناوچەیە زور بە سەختی پراکتیزەکرا, لە دوای راپەرینی سالی ١٩٩١ خەلکی ناوچەکە شاری سەیدسادق و تەواوی ناوچەکەیان ئاوەدان کردەوەو ئێستا ژمارەی دانیشتوانی گەیشتوتە ئاستێکی زور بەرز. حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی قەزای سەیدسادقی هەلبژارد کە بەشدار بێت لە بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ چونکە هەم پێویستی زوری بە پروژەی خزمەتگوزاری هەیە و هەم هاولاتیانیشی حەزو ئارەزوی زوریان هەیە لە پروسەکانی بەتواناکردنی هاولاتیان و بەهێزکردنی پێگەی دێمکراسی بەشداربن, لە چوارچێوەی ئەم بەرنامەیە چەند پروژەیەک هەلبژێردراون, بە تەواوبونی پروژەکان کاریگەی باش دەکاتە سەر هاولاتیان و پروەکان دەتوانن خزمەتی باش بە قەزای سەیدسادق بکەن. پرۆژەی داواکراو بریتییە لە دروست کردنی پارکی گشتی لە ناوەندی قەزای سەید سادق.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان لە مەلبەندی قەزای سەیدسادق | ٦٥٠٠٠ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ١ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٧٠٠٠ |
| کەرتی پروژە | شارەوانی |





# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## ناحیەی بیارە :

بیارە و دەوروبەری پێگەیەکی ناودارو بەهێزی هەیە لە کوردستان, ئەم ناوچەیە بە هەورامان ناسراوە ناوچەیەکی سەختی شاخاوی پێکدەهێنێت, لە رووی جوگرافییەوە هاوسنورە لەگەل ولاتی ئێران. ئەم ناوچەیەش وەک زوری ناوچەکانی تری کوردستان لەلایەن رژێمی پێشوی عیراق خاپورکرابوو بەلام لە دوای ١٩٩١ ئاوەدانکراوەتەوە ئێستا ژیانێکی ئاسایی تێدا بەدیدەکرێت, هەبونی ناحیەی بیارە لە بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ زور گرنگە چونکە ئامانجی بەرنامە گەیاندنی خزمەتگوزاریەکانە لە کوردستان و پەرەپێدانی سیستەمی لامەرکەزیە, بیارەش توانیویەتی هەنگاوی باش بنێت بو ئەوەی بەشێکی گرنگ بێت لەم پروسەیە نوێیە. کۆمەڵگای بیارە بە دوو پرۆژە بڕیاری داوە سودمەند بێتت لەم بەرنامەیە، پرۆژەکانیش هۆڵی بۆنەکان وە قیرتاو کردنی رێگا ناوخۆییەکان.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان لە مەلبەندی ناحیەی بیارە | ٣٨٣٠ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٢ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ١٢٠٠+٢٥٠ |
| کەرتی پروژە | شارەوانی |









# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## گوندی گرێزە:

کەوتونە نزیک قەزای سەیدسادق زیاتر لە ٥٠٠ سەر خێزان لێ نیشتە جێن, ناوچەیەکی دەولەمەندە بە بەروبومی کشتوکالی و ئاژەل داری. گوندی گرێزە تەنها گوندە لە هەرێمی کوردستان کە بەشدار بوبێت لە بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژ دیارە دانیشتوان و ئەندامانی بەکاراکردنی کومەلگا هاوکاریەکی باشی ئەم بەرنامەیەن پرەنسپی ئەم بەرنامەیە رەنگدانەوەیەکی باشی هەبووە لەسەر دانیشتوانی گوندی گرێزە, لە چوارچێوەی ئەم بەرنامەیەش هاولاتیان توانیان باشترین پروژە بو گوندەکەیان هەلبژێرن ئەویش دروستکردنی ئاوەرویە بو گوندەکە.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوانی گوندی گرێزە | ٢٠٠٠ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ١ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٢٠٠٠ |
| کەرتی پروژە | شارەوانی |











# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## قەزای کەلار:

یەکێکە لە پر سەروەری ترین ناوچەیە لە خەبات و قوربانیدان پروسەی ئەنفال هەموو مالێکی ئەم شارو ناوچەیەی گرتەوە بەڵام خاپورکردن و کوشتنی هاولاتیان نەیتوانی ناوچەکە بە هاولاتیان چولبکات بەلکو بە پێچەوانەوە کەلار بەتایبەتی و ناوچەکە بە گشتی هەلمەتی ئاوەدانیان دەستپێکرد.

هاولاتیانی کەلار و ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا زور بە چالاکانەو شارستانیانە بەشداریان لە پروسەی بە لامەرکەزیکردنی سیستەمی خزمەتگوزارییەکان کردوە جگە لە پروژەی دەست نیشانکراو لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا توانیویانە کاریگەری بەهێزیان هەبێت لەسەر دەسەلاتی ناوخویی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بو دابینکردنی خزمەتگوزاری زیاتر بو ناوچەکە.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان لە مەلبەندی قەزای کەلار | ١٦٧١٧٧ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٢ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ١٥٠٠ |
| کەرتی پروژە | شارەوانی |





# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## قەزای چەمچەمال:

چەمچەمال شارێکی زور گرنگ و بەکاریگەرە لەسەر هەرێمی کوردستان, چەمچەمال هاوشێوەی کەلارو شارەکانی تری کوردستان کەوتوتە بەرشالاوی ئەنفال و خاپورکردن بەلام ئاوەدانی و پێشکەوتن لەم شارە لە گەشەکردنەدایە, لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ قەزای چەمچەمال بەشدارییێکی چالاکانەی کردوە چەند پروژەیەکیش لە چوارچێوەی بەرنامە هەلبژێردراون؛ دانیشتوانی کۆمەڵگای چەمچەماڵ دوو پرۆژەیان هەڵبژاردووە بۆ جێبەجێکردن لە چوارچێوەی بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەڕاوێژ، پرۆژەی یەکەم دروست کردنی باغچەی ساوایان، دروست کردنی پارکی گشتی.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان لە مەلبەندی قەزای چەمچەمال | ٤٥٠٠٠ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٢ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ١٥٠+٦٥٠٠ |
| کەرتی پروژە | شارەوانی |



## پارێزگای دهوک :

پارێزگای دهوک گرنترین شاری کوردستان و عیراقە ئەمەش بەهوی هاوسنوری لەگەل تورکیا و سوریا, پارێزگای دهوک تەنها پارێزگایە کە کوردستان و عیراقیش بە ئەوروپا دەبەستێتەوە.

. پارێزگای دهوک بە پێنج کومەلگا بەشداری بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژیان کردوە, ئێستا کومەلگاکانی پارێزگای دهوک لە پێشەنگی کومەلگاکانی ترن و زورینەی پروژەکانیان بە ئەنجامی کوتایی گەیشتوە . ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگاکانی پارێزگای دهوک کاریگەری زور ئەرێنییان هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی کاری خوبەخشی و توانیویانە کاری خوبەخشی زور ئەنجام بدەن لە دەرەوەی کارەکانی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەرواوێژ.










## قەزای بەردەرەش :

لە سالی ١٨٧٩ لە لایە ن عوسمانیە کانە وە وە ک قە زا دیاری کرا، بە لام لە سە ردە می رژێمی بە عس بە ردە رە ش لکێنرا بە قە زای ئاکرێ و خرانە سە ر پارێزگای موسل، هە تا سالی ١٩٩١ ئیدارە ی ئە م ناوچە یە بە م شێوە یە کرا بە لام لە دوای راپە رین قە زای ئاکری بە بە ردە رە شیشە وە گە راونە وە سە ر هە رێمی کوردستان، لە سالی ٢٠٠٨ حکومە تی هە رێمی کوردستان بریاری بە قە زا بوونە وە ی بە ردە رە شی دە رکردە وە. قە زای بە ردە رە ش لە چە ندین تیرە و بنە مالە ی گە ورە و بچوک پێکهاتوە. دوو پروژە لە قەزای بەردەرەش جێبەجێ دەکرێت یەکەم: دروست کردنی شۆستەی جادەی ناوخۆیی، دووەم یاریگای داخراوی بچووک.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان لە مەلبەندی قەزای بەردەرەش | ٢٩٠٠٠ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٢ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٢٩٠٠٠+ ٤٦٠٠ |
| کەرتی پروژە | لاوان + شارەوانی |

# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## قەزای شێخان :

قه زای شێخان: به شێکی زۆر گرنگی کوردستانه به پێی جوغرافیا که و تۆته سه رپارێزگای مووسل، به لام حکومه تی ئێستای عیراق زۆر به که می ئاور له م ناوچه ده داته، به لام حکومه تی هه رێمی کوردستان رێگای نه داوه بۆشایی ئیداره له م قه زایه دروست بێت، به هه موو شێوه یه ک ئاوری له شیخان داوه ته وه، بۆ مه به ستی خزمه تگوزاری زیاتر حکومه تی هه رێمی کوردستان قه زای شێخانی خستۆته نێو به رنامه ی خزمه تگوزاری به راوێژ. دوو پروژه داواکرا له لایەن ئەندامانی کۆمەڵگاوە، یەکمیان پروژەی دروست کردنی باغچەی ساوایان، پرۆژەی دروستکردنی یاریگای تۆپی پێی بچووککراوە لە گەرەکی شێخ شمس.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان لە مەلبەندی قەزای شێخان | ١٠٠٠٠٠ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٢ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٤٥٠+٥٥٧ |
| کەرتی پروژە | پەروەردە + لاوان |





# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## قەزای سیمێل :

ئه م شاره له دێر زه مانه وه ژیانی تیادا بووه به به رده وامیش شارستانیه ت له م شوێنه گه شه ی کردوه. له سه ده ی دووه م ئه م شاره به ئاینی مه سیحی ئاشنابووه هه تائێستاش زۆری دانیشتوانی ئه م ناوچه یه ئاینی مه سیح ده پرسن. جگه له ئاینی مه سیح ئاینی ئێزیدی و موسلمان و ئاینه کانی تریش له م ناوچه یه ده ژین، کۆمه لگای سمیل شوێنێکی بچوک بوو به لام له سه ره تای سه ده ی ٢٠ په نابه رێکی زۆر له هه کاری و شوێنه کانی تریش له تورکیا په نایان بۆ کوردستانی عیراق هێناو هه تا ئێستاش له م شوێنه ده ژین. قەزای سمیل دوو پرۆژەی داوا کرا، یەکەمیان دابین کردنی کەل و پەل بۆ ناوەندی وەرزش و لاوانی سمیل کە جێبەجێکرا، پرۆژەی دووەم قیرتاوکردنی رێگای ناوخۆیی.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان لە مەلبەندی قەزای مخموور | ٥٢٠٠٠ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٢ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٢٥٩٦+ ١٦٥٠ |
| کەرتی پروژە | لاوان + شارەوانی |



# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## ناحیەی گردەسێن :

ناحیە ی گردە سێن: لە سالی ١٩٧٦ بریاری بە ناحیە بوونی بۆدە رکرا لە لایە ن حکومە تی عیراق، پێش ئە و کات گردە سێن تە نها گوندێکی ئاسایی بوو، ناحیە ی گردە سێن کە وتۆتە سنوری پارێزگای دهۆک، نزیکترین شار لە گردە سێن قە زای بە ردە رە شە، خە ڵکی ئە م ناوچە یە بە کشتوکال پێداویستی ژیانیان دابین دە کە ن. ئەم کۆمەڵگایە دەنگی داوەتە دوو پروژە: یەکەمیان پرۆژەی دروست کردنی هۆڵی ئەزموون، دووەمیان پرۆژەی قیرتاوکردنی جادەی ناوخۆ.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان لە مەلبەندی ناحیەی گردەسێن | ٤٣١٢ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٢ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ١٧٨٠+ ٤٢٨ |
| کەرتی پروژە | پەروەردە + شارەوانی |







# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## ناحیەی ئەلقوش :

بە ناوبانگترین شاری مە سیح نشینی ئە م دە ڤە رە یە و کە وتۆتە ٥٠کم باکوری شاری موسل،داینشتوانی القوش پێکهاتوون لە موسلمان و مە سیحی و ئێزیدی و ئاینە کانی تر، حکومە تی هە ریمی کوردستان زۆر بە بایە خە وە دە روانێتە ئە م ناوچە یە.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان لە مەلبەندی ناحیەی ئەلقوش | ٥٥٠٠ |
| ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەکاراکردنی کومەلگا | ١٢ |
| ژمارەی پروژە لە چوارچێوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ٢ |
| ژمارەی سودمەندان لە پروژەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەراوێژ | ١٦٥٠+٢٥٩٦ |
| کەرتی پروژە | پەروەردە + شارەوانی |



| ناوونیشانی مەشق | ئاستی مەشق | شوینی مەشق کردن | پارێزگاکان | ناوی ئەنجومەنەکان | رۆژی دەست پی کردن | تیکرای رۆژانی مەشق | ژمارەی راهینەرومەشق پیکراو | وەزارەتی پلان دانان | پاریزگا | ئەنجومەنە کان | ئافرەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خولی مەشقی پەیرەوی سی ئیس دی پی وپەرەپیدانی بنەرەتی کۆمەڵگا بۆ حکومەتی خۆجێ یی | قۆناغی سێ یەم | هەولێر-پاریزگای هەولیر-حکومەتی هەریمی کوردستان | هەولیر | هەولیر-فەرمانبەرانی وە زارە تی پلان دانان وپاریزگا-حکومەتی هەریمی کوردوستان | 27/2/2012 | 4 | 15 | 11 | 0 | 4 | 4 |
| خولی مەشقی پەیرەوی سی ئیس دی پی وپەرەپیدانی بنەرەتی کۆمەڵگا بۆ حکومەتی خۆجێ یی | قۆناغی سێ یەم | پانک-پاریزگای هەولیر-حکومەتی هەریمی کوردستان | هەولیر | هەولیر-سۆران-رە واندوز-مەخمور-دە شتی هە ولیر/ دهۆک-شێخان-ئاکرێ-بەردە رەش-سومەیل | 25/3/2012 | 5 | 41 | 6 | 35 | 0 | 9 |
| خولی مەشقی پەیرەوی سی ئیس دی پی وپەرەپیدانی بنەرەتی کۆمەڵگا بۆ حکومەتی خۆجێ یی | قۆناغی سێ یەم | سلیمانی-پاریزگای سلیمانی-حکومەتی هەریمی کوردستان | سلیمانی | سلیمانی-بیارە-چەمچەماڵ-کەلار-سەیدسادق-رانیە-گریزە | 14/4/2012 | 5 | 16 | 1 | 15 | 0 | 0 |
| مەشقی بنەرەتی چاودیری وهە ڵسەنگاندن بۆحکومەتی خۆجێ یی-حکومەتی هەرێمی کوردوستان | قۆناغی دووەم | هەولیر-پاریزگای هەولیر-حکومەتی هەریمی کوردستان | هەولیر-دەهۆک-سلیمانی | هەولیر/سۆران-رە واندوز-مەخمور-دە شتی هە ولیر/ سلیمانی-سەیدسادق-چەمچەماڵ-رانیە-بیارە-کەلار/د هۆک-سومەیل-گەردە سێن-ئەلقۆش-بەردە رەش-شێخان | 5-Jan-12 | 4 | 16 | 1 | 15 | 0 | 2 |
| خولی مەشقی دیاری کردنی پرۆژە ونوسینی پرۆپۆزەڵ | قۆناغی سێ یەم | دهۆک-پاریزگای دهۆک-حکومەتی هەریمی کوردستان | د هۆک | دهۆک/شێخان-ئەلقۆش-بەردە رەش-سومەیل-گەردە سێن | 21/5/2012 | 4 | 4 | 37 | 5 | 9 | 23 |
| خولی مەشقی دیاری کردنی پرۆژە ونوسینی پرۆپۆزەڵ | قۆناغی سێ یەم | هەولیر-پاریزگای هەولیر-حکومەتی هەریمی کوردستان | هەولیر | هەولیر-سۆران-رەواندوز-مەخمور-دە شتی هەولیر-قوشتە پە | 6-Apr-12 | 4 | 38 | 3 | 14 | 21 | 9 |
| خولی مەشقی دیاری کردنی پرۆژەونوسینی پرۆپۆزەڵ | قۆناغی سێ یەم | سلیمانی-پاریزگای سلیمانی-حکومەتی هەریمی کوردوستان | سلیمانی | سلیمانی-بیارە-چەمچەماڵ-کەلار-سەیدسادق-رانیە-گریزە | 18/6/2012 | 4 | 46 | 5 | 14 | 27 | 8 |
| خولی مەشقی چاودێری وهەڵسەنگاندن | قۆناغی دووەم | هەولیر-پاریزگای هەولیر-حکومەتی هەریمی کوردستان | هەولیر-د هۆک-سلیمانی | هەولیر/سۆران-رە واندوز-مەخمور-دەشتی هەولیر-قوشتە پە/سلیمانی-سەیدسادق-چەمچەماڵ-رانیە-بیارە-گریزە-کەلار/د هۆک-سومەیل-گەردە سێن-ئەلقۆش-بەردە رەش-شێخان | 7-Feb-12 | 3 | 51 | 2 | 12 | 37 | 8 |
| خولی مەشقی بەرێوەبردن وجێ بە جێ کردنی پرۆژە-قۆناغی دووەم-یەکەی دووەم | قۆناغی دووەم | هەولیر-پاریزگای هەولیر-حکومەتی هەریمی کوردستان | هەولیر-دهۆک | هەولیر/سۆران-رەواندوز-مەخمور-دە شتی هەولیر-قوشتە پە/د هۆک-سومیل-گەردەسێن-ئەلقۆش-بەردە رە ش-شێخان | 15/7/2012 | 3 | 60 | 7 | 22 | 31 | 4 |
| خولی مەشقی بەرێوەبردن وجێ بە جێ کردنی پرۆژە-قۆناغی دووەم-یەکەی دووەم | قۆناغی دووەم | هەولیر-پاریزگای هەولیر-حکومەتی هەریمی کوردستان | سلیمانی | سلیمانی-سەیدسادق-چەمچەماڵ-رانیە-بیارە-گریزە-کەلار | 24/7/2012 | 3:00 | 31 | 3 | 12 | 16 | 8 |
| خولی مەشقی بەرێوەبردن وجێ بە جێ کردنی پرۆژە بۆوەرگری پرۆژە-قۆناغی دووەم-یەکەی سێ یەم | قۆناغی دووەم | دهۆک-پاریزگای د هۆک-حکومەتی هەریمی کوردستان | دهۆک | دهۆک-سومەیل-گەردەسێن-ئەلقۆش-بەردە رەش-شێخان | 9-May-12 | 2 | 32 | 5 | 18 | 9 | 3 |
| خولی مەشقی جێندەرو تواناسازی و پەرەپێدانی کۆمەڵگا | | هەولیر-پاریزگای هەولیر-حکومەتی هەریمی کوردستان | هەولیر-دهۆک-سلیمانی | هەولێر-سەیدسادق-بەردەرەش | 9-Oct-12 | 4 | 13 | 5 | 0 | 8 | 9 |
| خولی مەشقی بەرێوەبردن وجێ بە جێکردنی پرۆژە بۆ وە رگری پرۆژە-قۆناغی دووەم-یەکەی سێ یەم | قۆناغی دووەم | هەولیر-پاریزگای هەولیر-حکومەتی هەریمی کوردستان | هەولیر | هەولیر-سۆران-رەواندوز-مەخمور-دەشتی هەولیر-قوشتە پە | 26/9/2012 | 2 | 30 | 5 | 21 | 4 | 2 |
| خولی مەشقی پەیوەندی کاری(اتصالات) | | هەولیر-پاریزگای هەولیر-حکومەتی هەریمی کوردستان | هەولیر | هەولیر-فەرمانبەرانی وەزارە تی پلان دانان /هیچ ئەندامێکی ئەنجومەنی تێدانەبو | 17/12/2012 | 1 | 5 | 5 | 0 | 0 | 2 |



| ناوونیشانی مەشقv | ئاستی مەشق | شوینی مەشق کردن | پارێزگاکان | ناوی ئەنجومەنەکان | رۆژی دەست پی کردن | تیکرای رۆژانی مەشق | ژمارەی راهینەرومەشق پیکراو | وەزارەتی پلان دانان | پاریزگا | ئەنجومەنە کان | ئافرەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خولی مەشقی بەرێوەبردن وجێ بە جێ کردنی پرۆژە بۆ وەرگری پرۆژە-قۆناغی دووەم-یەکەی سێ یەم | قۆناغی دووەم | سلیمانی-پاریزگای سلیمانی-حکومەتی هەریمی کوردستان | سلیمانی | هەولێر-سلیمانی-سەیدسادق-چەمچەماڵ-رانیە-بیارە-کەلار | 21/12/2012 | 2 | 34 | 6 | 22 | 6 | 4 |
| خولی مەشقی بنیاتنانی تیم | | هەولیر-پاریزگای هەولیر-حکومەتی هەریمی کوردستان | هەولیر-د هۆک-سلیمانی-فەرمانبەرانی وەزارە تی پلان دانان | هیچ ئەندامێکی ئەنجومەنی تێدا نەبوو | 11-Mar-12 | 3 | 24 | 10 | 0 | 14 | 6 |
| وۆرک شۆپی چالاک کەری چاودێری وهەڵسەنگاندن | | دهۆک-پاریزگای دهۆک-حکومەتی هەریمی کوردستان | دهۆک | دهۆک-سومەیل-گەردە سێن-ئەلقۆش-بەردە رەش-شێخان | 26/11/2012 | 1 | 16 | 1 | 6 | 9 | 1 |
| وۆرک شۆپی چالاک کەری چاودێری وهەڵسەنگاندن | | هەولیر-پاریزگای هەولیر-حکومەتی هەریمی کوردستان | هەولیر | هەولیر-سۆران-رەواندوز-مەخمور-دەشتی هەولیر-قوشتە پە | 12-Mar-12 | 1 | 1 | 15 | 2 | 5 | 8 |
| وۆرک شۆپی چالاک کەری چاودێری وهەڵسەنگاندن | | سلیمانی-پاریزگای سلیمانی-حکومەتی هەریمی کوردستان | سلیمانی | سلیمانی-سەیدسادق-چەمچەماڵ-رانیە-بیارە-گریزە-کەلار | 12-Oct-12 | 1 | 24 | 2 | 10 | 12 | 0 |
| وۆرک شۆپی پلان وپشتگیری | قۆناغی یەکەم | بەردە رەش | دهۆک | دهۆک-گەردە سێن-بەردە رەش | 19/2/2013 | 1 | 25 | 1 | 6 | 18 | 4 |
| وۆرک شۆپی پلان وپشتگیری | قۆناغی یەکەم | شیخان | دهۆک | دهۆک-ئەلقۆش-شێخان | 26/2/2013 | 1 | 20 | 0 | 6 | 14 | 3 |
| وۆرک شۆپی پلان وپشتگیری | قۆناغی یەکەم | سومیل | دهۆک | دهۆک-سومەیل | 27/2/2013 | 1 | 12 | 0 | 2 | 10 | 3 |
| وۆرک شۆپی پلان وپشتگیری | قۆناغی یەکەم | سۆران | هەولێر | هەولێر-رەواندوز-سۆران | 13/3/2013 | 1 | 24 | 0 | 0 | 24 | 5 |
| وۆرک شۆپی پلان وپشتگیری | قۆناغی یەکەم | مەخمور | هەولێر | هەولێر-مەخمور | 18/3/2013 | 1 | 12 | 1 | 0 | 11 | 3 |
| وۆرک شۆپی پلان وپشتگیری | قۆناغی یەکەم | دەشتی هەولێرو قوشتە پە | هەولێر | هەولێر-دە شتی هەولێر | 27/3/2013 | 1 | 18 | 0 | 0 | 18 | 8 |
| وۆرک شۆپی پلان وپشتگیری | قۆناغی یەکەم | رانیە | سلیمانی | سلێمانی-رانیە | 4-Apr-13 | 1 | 7 | 0 | 0 | 7 | 1 |
| وۆرک شۆپی پلان وپشتگیری | قۆناغی یەکەم | چەمچەماڵ | سلیمانی | سلێمانی-چەمچەماڵ | 16/4/2013 | 1 | 10 | 1 | 0 | 9 | 3 |
| وۆرک شۆپی پلان وپشتگیری | قۆناغی یەکەم | کەلار | سلیمانی | سلیمانی-کەلار | 24/4/2013 | 1 | 9 | 1 | 2 | 6 | 3 |
| وۆرک شۆپی پلان وپشتگیری | قۆناغی یەکەم | بیارە | سلیمانی | سلێمانی-بیارە | 25/4/2013 | 1 | 9 | 1 | 2 | 6 | 1 |

# خەڵک و حکومەت بەیەکەوە...

## بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەرواێژ بەردەوام دەبێت!!

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بەردەوام دایە بو شور کردنەوەی دەسەڵاتە ئیدارییەکان بو خوارەوە و راوێژکردن بە هاولاتیان لە بوارەکانی خزمەتگوزاری, هەلوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان روون و ئاشکرایە لە بەرامبەر پەرپێدان بە سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان, لە چەندین بونە بەرێز سەروکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە پێویستی سیستەمی لامەرکەزی و دابەزاندنی دەسەلاتە ئیداریەکان کردوە بو پارێزگاکان و لەوێش بو یەکە ئیدارییەکانی تر , دیارە بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژیش لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان شوێنی خوی دەکاتەوە .

وەزارەتی پلاندانان بەردەوام لە هەولی فراوانکردنی ئەم بەرنامەیەدایە بو ئەم مەبەستەش چەندین گفتوگو لەگەل لایەنی هاوبەشی ئەم بەرنامەیە کراوە. ئەگەرچی بەرنامەکانی ئەم سال بێگرفت نەبون بەهوی چەند لایەنێکی تەکنیکی هەندێک پروژە لەکاتی دیاریکراوی خوی تەواو نەبوون بەلام بە شێوەیەکی گشتی بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژ سەرکەوتوبووە ئەم سەرکەوتنانەش هاندەرێکی باشن بو بەردەوامی ئەم بەرنامەیە و فراوانکردنیشی لە شانزە کومەلگا بو زیاترو, بو ئەوەی ئەزمونە ئەرێنیەکانی بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەرواێژ زورینەی هاونیشتیمانیانی هەرێمی کوردستان سودی لێوەربگرن.

| کومەلگا | کوبونەوە جەماوەرییەکان | ژمارەی بەشداربوان | بەشداربووی: پیاو | بەشداربووی: ئافرەت |
|---|---|---|---|---|
| قەزای سوران | 2 | 565 | 496 | 69 |
| قەزای رەواندوز | 2 | 15 | 92 | 58 |
| قەزای دەشتی هەولێر | 2 | 628 | 500 | 128 |
| قەزای مخموور | 2 | 206 | 171 | 35 |
| ناحیەی قوشتەپە | 2 | 870 | 786 | 84 |
| قەزای رانیە | 2 | 414 | 303 | 111 |
| قەزای سەیدسادق | 2 | 330 | 220 | 110 |
| قەزای کەلار | 2 | 213 | 193 | 70 |
| قەزای چەمچەمال | 2 | 283 | 201 | 45 |
| ناحیەی بیارە | 2 | 630 | 452 | 178 |
| گوندی گرێزە | 2 | 296 | 296 | 0000 |
| قەزای بەردەرەش | 2 | 880 | 656 | 130 |
| قەزای شێخان | 2 | 634 | 564 | 70 |
| قەزای سیمیل | 2 | 164 | 131 | 33 |
| ناحیەی ئەلقوش | 2 | 320 | 265 | 44 |
| ناحیەی گردەسێن | 2 | 242 | 220 | 18 |

### پرۆژەکانی بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژ- دهۆک

| # | کۆمەڵگا | ناوی پرۆژە | ژمارەی سوودمەندانی راستەوخۆ | قۆناغی پرئژە | جێبەجێکردنی پرۆژە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ألقوش | ڕێگاسازی گەرەک و کۆمەڵگاکانی ألقوش | 7800 | جێبەجێکردن | 6% |
| 2 | ألقوش | دابینکردنی 60 ئامێری فۆتۆکۆپی بۆ 60 قوتابخانەی ألقوش و دەوروبەری | 2800 | تەواوکراوە | 100% |
| 3 | بەردەرەش | نۆژەنکردنەوەی شۆستەکانی بازاری سەرەکی بەردەرەش | 29000 | جێبەجێکردن | 6% |
| 4 | بەردەرەش | دروستکردنی یاریگای تۆپی پێی بچووککراوە لە گەرەکی شێخ شمس | 4600 | جێبەجێکردن | 25% |
| 5 | گەردەسین | ڕێگاسازی گەرەکی ئاراس و ئاشتی و برایەتی | 1780 | جێبەجێکردن | 13% |
| 6 | گەردەسین | دروستکردنی هۆڵی ئەزموونەکان لە گەردەسین | 428 | جێبەجێکردن | 6% |
| 7 | شێخان | دروستکردنی باخچەی ساوایان لە گەرەکی روناهی | 557 | جێبەجێکردن | 58% |
| 8 | شێخان | دروستکردنی یاریگای تۆپی پێی بچووککراوە لە گەرەکی شێخ شمس | 450 | ئامادەکراوە بۆ جێبەجێکردن | 0% |
| 9 | سومێل | دابینکردنی کەل وپەل بۆ سەنتەری لاوانی سومێل | 2596 | تەواوکراوە | 100% |
| 10 | سومێل | چێکرنا ڕێکین ناڤخۆی ل سومێلی | 1650 | جێبەجێکردن | 60% |



# وتار ...

## وتاری بەرێز بەرێوەبەری گشتی پلانی پروژەکان و بەرێوەبەری بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژ

بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژ, سەرووەریەکی گەورەیە بو حکومەت و خەلکی هەرێمی کوردستان چونکە لە ئەم بەرنامەیە بەبێ جیاوازی رێگای خوش کردوە بو هەموو هاولاتیەک کە بەشدار بێت لە پروسەی گەیاندنی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان, لەرووی کارگێریەوە ئەم بەرنامەیە بەیەکەم بەرنامە هەژماردەکرێت لە پەیرەوکردنی سیستەمی لامەرکەزی لەبواری خزمەتگوزارییەکان لە کوردستان, لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم بەرنامەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیری لە دەسەلاتی هاولاتیان کردوتەوە و هاولاتیانی هەرێمی سەرپشک کردوە لە دەستنیشان کردن و هەلبژاردنی پروژەکان لە ناوچەکانیان.

ئەگەرچی ئەم بەرنامەیە بە قوناغێکی کاتی و ئەزمونی تێدەپەرێت بەلام سەرکەوتنێکی باش و ئەرێنی بەدەست هێناوە گەورەترین سەرکەوتنیش دەنگی هاولاتیانە لە نێو ئەم بەرنامەیەدا, ئەزمونی هاولاتیان و پێشوازی زورینەی چین و توێژەکان رەنگدانەوەیەکی باشی لەلای یەکە ئیدارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکەوتوتەوە لەلایەکی تریش هاولاتیانی بەشداربوو لەم بەرنامەیە توانیویانە سودێکی باش لە کات و هەڵەکانی ئەم بەرنامەیە وەربگرن بە تایبەتیش لە خولەکانی راهێنان لەسەر سیستەمی بەرێوەبردن و بەهێزکردنی تواناى بیرکردنەوەی هاولاتیان.

ئێمە لە هەولداین کە ئەم بەرنامەیە لە سیستەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگیربکەین و دەسەلاتی هاولاتیان لەبواری گەیاندن و راپەراندنی خزمەتگوزارییەکان فراوانتربکەین. گەورەترین سەروەت لەم بەرنامەیەدا هاولاتیانن و پر بەدل دەستخوشی لە هەموو هاولاتیانی کومەلگاکانی بەشدار بوو دەکەم, هیوادارم بتوانین بەیەکەوە پەرە بەم بەرنامەیە بدەین و لەرێگای ئەم بەرنامەیەش پروسەی دیمکراسی و سیستەمی لامەرکەزی دەولەمەنتربکەین.



زاگروس فتاح محمد
بەرێوەبەری گشتی پلانی پروژەکانی هەرێم و سەرپەرشتیاری گشتی بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژ

بانکی جیهانی

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# بەرنامەی خزمەتگوزاری بە ڕاوێژ







حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوکاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە: zagros25@hotmail.com
یاخود سەردانی ماڵپەڕی: www.kegmopdcc.com بکەن.